# کاریگەریی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەر ناساندنی "را پەڕین"و گەشە پێدانی واتاکانی لە هەرێمی کوردستاندا ( خوێندکاری ئامادەییەکانی رانیە بە نمونە )


پ. ی. د. هێرش رەسوڵ موراد
زانکۆی را پەڕین
یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی را پەڕین
بۆ کاروباری خوێندکاران

م. ی. تاژان دڵشاد کریم
زانکۆی پۆلیتەکنیکیی
بەشی تەکنیکی میدیا



**پوختە**

جەختکردنی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بە (راگەیاندنی کۆمەڵایەتی)یەوە پەیوەندیدارە، بە تایبەت لە روی کاریگەریی هەردو ئامرازی (فەیسبوک، یوتیوب)ی ئەو راگەیاندنە لەسەر ناساندنی "راپەڕین"و گەشەپێدانی واتاکانی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستاندا.

هەروەك **بایەخی توێژینەوەکە** لەوەوە دەردەکەوێت، کەوا گەڕانە بە دوای رۆڵ و کاریگەرێتیی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەربارەی ئاشناکردنی نەوەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بەو مێژوە و زیندوڕاگرتنی روداوەکە لە یادگە و بیرکردنەوەی تاکی کورددا.

سەبارەت بە **کێشەی** ئەم توێژینەوەیەش، توێژەران لە رێگەی پێشکەشکردنی چەند پرسیارێکەوە خستویانەتەڕو، گرنگترینیش بریتین لە:

أ. راگەیاندنی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک، یوتیوب) تا چەند توانیویەتی "راپەڕین" بە گەنج و خوێندکارانی هەرێمی کوردستان بناسێنێت؟

ب. راگەیاندنی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک، یوتیوب) تا چ رادەیەك توانیویەتی گەشە بە واتاکانی "راپەڕین" بدات لای گەنج و خوێندکارانی هەرێمی کوردستان؟

هەروا **ئامانجی توێژینەوەکە**، خۆی لە چەند خاڵێکدا دەدۆزێتەوە، دیارترینیشیان ئەمانەن:

أ. زانینی ئاستی ناساندنی "راپەڕین" بە گەنج و خوێندکارانی هەرێمی کوردستان لە رێگەی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک، یوتیوب)ەوە.

ب. ئاشکراکردنی رادەی گەشەدان بە واتاکانی "راپەڕین" لای گەنج و خوێندکارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن راگەیاندنی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک، یوتیوب)ەوە.

توێژینەوەکە لە روی جۆرەوە بە (**توێژینەوەی وەسفی**) دەژمێردرێت، هەروا (**رێبازی روپێوکاری**) بەکاردێنێت.

**هەروەك پەیکەری گشتیی توێژینەوەکەش، جگە لە پێشەکی، لەم باسو تەوەرانە پێکهاتوە:**

**یەکەم: ڕێبازنامە:**

لەم باسەدا توێژەران هەوڵیانداوە لە چەند تەوەرێکدا ڕونکردنەوی پێویست لەوبارەیەوە بخەنەڕو، تەوەرەکانیش بریتین لە: (بایەخی توێژینەوەکە، کێشەی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە، ڕواڵەتەڕاستی، جێگیری، ڕێگەو ئامرازی توێژینەوەکە، سنوری توێژینەوەکە، کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە، چەمك و زاراوەکان).

**دوەم: تیۆرینامە:**

لێرەدا بە شێوەیەکی تیۆری و بە گەڕانەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی زانستی، تیشکخراوەتەسەر چەند لایەنێکی پەیوەست بە بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە: (ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی فەیسبوكو یوتیوب، فەیسبوكو یوتیوبو گەنجان).

**سێیەم: ئەنجامە پراکتیکییەکان:**

ئەمەش دوا باسەو تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی، کە چەند تەوەرێك دەگرێتەوە: (ڕونکارییە پێویستەکان، ئەو بڕگانەی پەیوەستن بە بابەتەکەوە).

**چوارەم: کۆتایی:**

لە کۆتاییشدا، (دەرەنجامەکان) دێن، کە لە تێڕوانینی توێژەرانەوە سەرچاوەیانگرتوە سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەنجام و ڕاستییە دەستکەوتوەکان لە توێژینەوەکەدا، وێڕای (ڕاسپاردە و پێشنیارەکان)، کەوا تەواوکاریی پرۆژەکەن، لە دیارترین دەرەنجامەکانیش:

١. ناکاریگەریی (فەیسبوك، یوتیوب) لە کردەی ناساندنی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١، بە گەنجانی هەرێمی کوردستان، لە سەرجەمی ئاستەکانییاندا.

٢. ناکاریگەریی (فەیسبوك، یوتیوب) لەسەر ناساندنی گەنجانی هەرێمی کوردستان بە ڕوداوی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ بە "واتای ڕوبەڕوبونەوەی گەلی کورد، دژی زوڵمو زۆریی ڕژێمی بەعس، لەپێناو ئازادیو هێنانەکایەی ژیانێکی نوێو گەیشتن بە مافە نەتەوەییو نیشتمانییەکان"، لە سەرجەمی ئاستەکانییاندا.

## پێشەکی

پێشکەوتنی زانستو تەکنەلۆژیا، ئێنتەرینێتی هێنایەکایەوە. ئینتەرنێت-یش هێدی هێدی بو بە مایەی گەشەکردنی پەیوەندییەکانی تاکو کۆمەڵ بە گشتی. ئەو داهێنراوە نوێیە، گۆڕانکاریی زۆری بەسەر بە یەکبەستنەوەی مرۆڤەکاندا هێنا لەسەر ئاستی هەمو جیهاندا، هەروا بوەهۆی هاتنەکایەی سەردەمێکی گرنگی مێژویی لە بواری ئاڵوگۆڕی کەلتوریدا.

لەگەڵ ئەمەشدا، ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی (سۆشیالمیدیا) وەك دیاردەیەکی نوێی تەکنەلۆژیی جیهانیی لە هەناوی بەجیهانیبونو پێشکەوتنی زانستو پەیدابونی ئینتەرنێتەوە لەدایکبو.

ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی-یش بە حوکمی سروشتو تایبەتمەندیو خزمەتگوزارییەکانی، کۆمەڵی گریمانەکراو (المجتمع الأفتراچی)ی بۆ مرۆڤەکان دروستکرد، کۆمەڵ-ێك دور لە واقیعە کۆمەڵایەتییەکە، کەوا بەکارهێنەرانی بەخۆوە سەرقاڵکرد، و بە پێشکەشکردنی چەندین ڕاژەی جیاواز خزاندنییە نێو دنیای ئەلیکترۆنیی خۆیەوە.

ئەم توێژینەوەیە، سەبارەت بە (فەیسبوكو یوتیوب)و کاریگەرییانە لەسەر خوێندکارانی گەنجی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە پرسی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی خەڵکی باشوری کوردستان (کوردستانی بندەستی عیراق)دا دژی ستەمکاریی ڕژێمی بەعس، کە توێژەران لەپێناو خۆبەدورگرتن لە دوبارەکردنەوەی زانیارییە تیۆرییەکان، و گەیشتن بە ئەنجامگیریی وردو دروست، زیاتر بایەخیان بە لایەنە مەیدانییەکە داوەو هەڵوەستەیان لەسەر کردوە.

## یەکەم: ڕێبازنامە

### بایەخی توێژینەوەکە:

ڕاپەڕینی پێنجی ئازاری ١٩٩١ی خەڵکی باشوری کوردستان بە روی ڕژێمی داگیرکاری بەعس، بە یەکێك لە روداوە جێبایەخەکانی مێژوی هاوچەرخی گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستان دا هەژماردەکرێت، بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە گۆشە و ڕەهەندی جیاوازەوە دەربارەی، ئەرکێکی گرنگ و هەنوکەییە.

لەوەش گرنگتر بە بڕوای توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە، گەڕانە بە دوای ڕۆڵ و کاریگەرێتیی ڕاگەیاندن سەبارەت بە ئاشناکردنی نەوەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بەو مێژوە و زیندوڕاگرتنی روداوەکە لە یادگە و بیرکردنەوەی تاکی کورددا. بە تایبەت ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە لە دنیای ئەمڕۆدا و لە روی بەکارهێنانەوە تا ئەندازەیەکی زۆر جێیپێی بە ڕاگەیاندنی باو (نوسراو، بیستراو، بینراو) لێژکردوە، زیاتریش لە نێو توێژی مێرمندال و لاواندا. لەمەشەوە بایەخی توێژینەوەکە دەردەکەوێت.

### کێشەی توێژینەوەکە:

١. ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی (فەیسبوك، یوتیوب) تا چەند توانیویەتی "ڕاپەڕین" بە گەنج و خوێندکارانی هەرێمی کوردستان بناسێنێت؟

٢. ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی (فەیسبوك، یوتیوب) تا چ ئەندازەیەك توانیویەتی وێنەیەکی ڕاستینەی "ڕاپەڕین" بداتە گەنج و خوێندکارانی هەرێمی کوردستان؟

٣. ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی (فەیسبوك، یوتیوب) تا چ ڕادەیەك توانیویەتی گەشە بە واتاکانی "ڕاپەڕین" بدات لای گەنج و خوێندکارانی هەرێمی کوردستان؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. زانینی ئاستی ناساندنی "راپەڕین" بە گەنج و خوێندکارانی هەرێمی کوردستان لە رێگەی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک، یوتیوب)ەوە.

٢. دۆزینەوەی ئەندازەی بەخشینی وێنەیەکی راستینەی "راپەڕین" بە گەنج و خوێندکارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن راگەیاندنی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک، یوتیوب)ەوە.

٣. ئاشکراکردنی رادەی گەشەدان بە واتاکانی "راپەڕین" لای گەنج و خوێندکارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن راگەیاندنی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک، یوتیوب)ەوە.

**جۆر و رێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە روی جۆرەوە بە (توێژینەوەی وەسفی) دەژمێردرێت، هەروا (رێبازی روپێوکاری) بەکاردێنێت.

**رواڵەتەڕاستی:**

بە مەبەستی دڵنیابون لە کارایی راپرسییەکەو گونجانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا، و بە پشتبەستن بە رواڵەتەڕاستی (الصدق الظاهري)، لەلایەن ژمارەیەك (شارەزای زانستی)(*) هەڵسەنگێنراو پاش وەرگرتنەوەی لە بەڕێزیان و تاوتوێکردنی سەرنجەکانیان، بەپێی پێویستو گونجان گۆڕانکاریمان تێدا کرد، و لە رێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی (هۆڵستی)ەوە رادەی راستییەکەمان دەرهێنا، کە بریتییە لە (٩٢.٣٪)، ئەمەش لە روی زانستییەوە رێژەیەکی پەسەندکراوە.

**جێگیریی:**

بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگیری (الثبات)ی راپرسییەکەش، بە شێوازی دوبارەکردنەوەو بە پشتبەستن بە هاوکێشەکەی (هۆڵستی)، توێژەران گەیشتنە ئەوەی کە رێژەکەی بریتییە لە (٨٨.٤٧٪)، ئەمەش رێژەیەکی پەسەندکراوە لە روی زانستییەوە.

**رێگە و ئامرازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا رێگەی راپرسی (الإستبانة) گیراوەتەبەر و، وەك ئامرازێك بۆ زانینی تێڕوانینی بژاردەیەکی وەرگرانی هەرێمی کوردستان کە خوێندکارانی ئامادەییەکانن، بەکارهێنراوە.

---

* ئەم شارەزایانە بون :

١. پ. ی. د. حەبیب کەرکوکی، پسپۆڕ لە بواری گوتاری راگەیاندندا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەڵاحەددین.

٢. پ. ی. د. مەغدید سەپان، پسپۆڕ لە بواری ژانرەکانی رۆژنامەدا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەڵاحەددین.

٣. پ. ی. د. فوئاد عەلی ئەحمەد، پسپۆڕ لە بواری گەیاندنی سیاسیدا، راگری سکوڵی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٤. پ. ی. د. هێمن مەجید حەسەن، پسپۆڕ لە بواری بەرنامەکانی تەلەڤزیۆندا، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٥. د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵڵا، پسپۆڕ لە بواری رادیۆدا، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٦. د. عومەر ئەحمەد رەمەزان، پسپۆڕ لە بواری رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٧. د. لانە صابر قەرەداغی، پسپۆڕ لە بواری پەیوەندیی گشتییدا، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری توێژینەوەکە لە روی (کات)ەوە خۆی لە ڕێوشوێنی مەیدانی دەبینێتەوە لەسەر بەرتوێژان (المبحوپین)، واتە ئەو ماوە گریمانەکراوەی کە بەرتوێژان بەرکەوتنیان لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا هەبوە، کەوا پێنج ساڵ دیاریکراوە: (٢٠١٠ – ٢٠١٥). لە روی (شوێن)یشەوە، قەزای (ڕانیە)یە لە ئیدارەی ڕاپەڕین. هەروا لە روی (مرۆڤ)یشەوە، خوێندکارانی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان.

**کۆمەڵو سامپڵی توێژینەوەکە:**

گەنجو خوێندکارانی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵی توێژینەوەکەن، و سامپڵەکەش ویستەسامپڵ (عینە قصدیە) یەو (٢٪)ی کۆی خوێندکارانی خوێندنگە ئامادەییەکانی قەزای ڕانیەن، لە نێر و مێ، لە پۆلەکانی (١٠، ١١، ١٢)، کە ژمارەیان گەیشتۆتە (٢٧٠) خوێندکار[*]. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە خشتەی (١).

هۆکاری هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی:

١. بە ئەندازەیەکی زۆر ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەکاردێنن.

٢. کەمترین توێژینەوەیان سەبارەت کراوە.

٣. لە تەمەنێکی گونجاودان و توانا و حەزی گۆڕانیان لە خوێندکارانی زانکۆ فراوانترە و ئاستی خۆبەگرنگزانیشیان کەمترە.

**چەمكو زاراوەکان:**

* کاریگەریی: واتە پرۆسەی کارتێکردنی پرس، بابەت، ڕوداو، ئامراز یان هەر هۆکارێکی دیکە لە ژینگە، مرۆڤ، یان هەر کارتێکراوێکی تر، و جێهێشتنی شوێنکار بەسەر ئاوەزو ئاراستەو تێڕوانینو دنیابینییەوە.

* ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی: ئەو ڕاگەیاندنە ئۆنلاینانە دەگرێتەوە، کە بەکارهێنەران دەتوانن لە ڕێگەیەوە پەیوەندی بەیەکەوە ببەستن، گفتوگۆ بکەن، سەرنج بۆ یەکتر بنوسنو وێنەو زانیارییەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن، یەکەمین ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ساڵی ١٩٩٧ داهێنرا، کە بە ناوی سکس دگری (sixdegree)ـەوە بو، دواتر بە ناوی ترو تایبەتمەندیو خزمەتگوزاریی نوێوە چەند ڕاگەیاندنێکی تریش پەیدابون. هەندێ لە پسپۆڕان (تۆڕی کۆمەڵایەتی)یشی پێدەڵێن.

* فەیسبوك: بەناوبانگترین ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتییە، تێیدا ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدرێت پەیوەندی بە یەکترییەوە ببەستن، لە هەواڵو زانیاری، بزانن چی ڕودەدات و دەتوانن بە ئاسانی زانیاری لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕبکەن، ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن (مارك زوکەربێرگ)ی خوێندکاری (زانکۆی هارڤارد)ەوە دامەزرێنرا، و لە ماوەی ٤ ساڵدا بو بە جەماوەریترین ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئێستاش ژمارەی بەکارهێنەرانی لە سەرو یەك ملیارەوەیە، و بەسەر هەمو وڵاتانی جیهاندا دابەشبون.

[*] کۆی گشتیی خوێندکاران (نێر، مێ)ی قۆناغی ئامادەیی لە ناوەندی قەزای ڕانیە بریتییە لە (١٣٤٦٤) خوێندکار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥–٢٠١٦)، کە بەسەر (٢٠) ئامادەییدا دابەشبون. ئەم زانیارییە لە هۆبەی ئامار–ی (بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی ڕانیە) وەرگیراوە، سێشەممە ٢٠١٥/١٢/١.

* یوتیوب (YouTube): بە یەکێك لە پڕ جەماوەرترین ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەژماردەکرێت، خۆی بەشداربونە لە وێنەو ڤیدیۆدا، بە سایتێکی بێبەرامبەر هەژمار دەکرێت، چونکە ڕێگە بە بەشداربوانی دەدات کە ڕۆژانە تەماشای ڤیدیۆ بکەن، فیلم دابەزێنن، هەروا دەتوانن سەرنجو هەڵسەنگاندنی خۆیان لەسەر ڤیدیۆکان تۆماربکەن، لە ئاستی هەمو جیهاندا، ٧٢ سەعات ڤیدیۆ دەکرێتەناو یوتیوب–ەوەو لە هەر خولەکێکیشدا، لە ٥٣ وڵاتدا تەماشادەکرێ، و بە ٦١ زمان دادەبەزن. ساڵی ٢٠٠٥ بە ڕەسمی کەوتەکار.

* ناساندن: بریتییە لە پرۆسەی ناساندنی چەمکێك یان بابەتو ڕوداوێك بە تاکەکەس، یاخود گروپێکی دیاریکراو.

* ڕاپەڕین: ڕاپەڕین بریتییە لە ڕوداوێك کە گروپێك، یان کۆمەڵێ کەس بە ئامانجی دیاریکراو، لە سنورێکی جوگرافیاییدا ڕوبەڕوی گروپێك، یان هێزێك، یان حزبێك، یان سیستمێك دەبنەوە، و سەردەکەون.

* ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١: ڕاپەڕینی جەماوەریی گەلی باشوری کوردستان بو دژی ڕژێمی بەعس لە عیراقدا، کە لە قەزای ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی دەستیپێکرد تاکو شاری کەرکوك (٥–٢٠ی ئازاری ١٩٩١).

* گەشەپێدان: بریتییە لە هێنانەئارای کۆمەڵێ گۆڕانکاری لە گۆشەنیگاو ئاراستەو هۆشیاریی بەرامبەر، و بەهێزکردنی توانستەکانی لە بواری تێڕوانینو شرۆڤەکردنی بۆ پرسو بابەتەکان.

* واتاکان: بریتییە چەمكو تێگەیشتنو تێڕوانینەکان دەربارەی پرسو بابەتێکی دیاریکراو.

* هەرێمی کوردستان: ناوچەیەکی جوگرافیاییە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵیە لە چوارچێوەی کۆماری عیراق، و لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بە پشتبەستن بە دەقی دەستوری هەمیشەیی عیراق، دانی پێدانراوە[1].

## دوەم: تیۆرینامە

### ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی

هاتنەکایەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی، هەنگاوێکی گەورە بو بۆ گواستنەوەی ڕاگەیاندن بۆ دۆخێکی نوێو بەخشینی دەرفەتی زۆر بو لەپێناو دانانی کاریگەرێتی لە ڕێگەی سنورێکی بێسانسۆرەوە، بە تایبەت بۆ گەنجان بوەتە پەنجەرەیەکی نوێ بە ڕوی ژیانو ئایندەیان، تاکو لێیەوە خەونەکانیانی تێدا ببین، ئازادانە بۆچونەکانی خۆیان پێشکەش بکەن، ئاوڕ بۆ ڕابردو بدەنەوە، لە ئەمڕۆ و سبەنێش بڕوانن. لە سەرەتادا، لاوان ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتییان پتر بۆ گفتوگۆو خاڵیکردنەوەی سۆزداری بەکاردێنا، بەڵام دواتر ئەمە بۆ داواکاریی باشکردنی ڕیتمی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوری گۆڕا[2]

ئەو ڕاگەیاندنە، بە هۆی تایبەتمەندیو خزمەتگوزارییەکانییەوە، بەکارهێنانی ئاسانو بەردەستە بۆ هەمو کەسێك، هەروا سادەییو سروشتە کۆمەڵایەتییەکەی بوەتە هۆکارێك بۆ گەیشتنو کارلێککردنی پەیامە جیاوازەکانی (نوسین، وێنە، ڤیدیۆ، ... تاد) لە نێوان زۆرترین بەکارهێنەریدا. وەکچۆن شێوازە فرەو جیاوازەکانی پەیوەندیکردنو

[1] مادەی (١١٣)ی دەستوری هەمیشەیی عیراق، ٢٠٠٥.

[2] د. بشرى جميل الراوي: دور مواقع التواصل الاجتماعي في التغيير/ مدخل نظري، الباحث الاعلامي، مجلة علمية محكمة، عدد (١٨)، ٢٠١٣، ص٢.

گەیاندنو گفتوگۆ لەم ڕاگەیاندنەدا دەرگای زۆری لەبەردەم بەکارهێنەرانیدا کردۆتەوە، بۆ ئەوەی لە میانی پرسو دۆزە جیاوازەکاندا، لە ڕێگەیەوە هەم کاریان تێبکرێ، و هەم کاریش بکەنەسەر ئەوانیتر.

ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی، چەند پرۆسەیەکی ڕێکخراوە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت، کە پشتیان بە بنەمای تەکنەلۆژیی نەوەی دوەمی ئینتەرنێت بەستوە، ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات بۆ پەخشو ئاڵوگۆڕی زانیاریو ڕوداو و بیروڕاو گەیشتن بە ڕاژە جۆراوجۆرەکان[٣].

لە نێو چوارچێوەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتیشدا، کۆمەڵێ ئامرازی جۆراوجۆرو هەمەچەشن هەبونو هەن، لەوانە: (سکس دگری، فرێندستەر، مای سپەیس، گۆگڵ، لینکدین، فەیسبوك، تویتەر، یوتیوب، واتس ئەپ، ئینستاگرام، ڤایبەر، سکایپ، تانگۆ، فەیستایم،... تاد)، کە هەریەکەیان بەدەر لە بازنە گشتییەکە خاوەنی سروشتو تایبەتمەندیو خزمەتگوزاریی خۆیانن.

فەیسبوك، کەناڵێکە بەکارهێنەری جیاواز بەیەکەوە دەبەستێت، لە ئاستی هەمو دنیادا ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدرێت پەیوەندی بە یەکترییەوە ببەستن، لە هەواڵەکان ئاگاداربن، بزانن چی ڕودەدات و بە ئاسانی زانیاری لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ بکەن[٤].

یوتیوب-یش وەك ڕاگەیاندنێکی کۆمەڵایەتی، دەرفەت بۆ بۆ بەشداربوانی دەڕەخسێنێت، کە ڕۆژانە سەیری ڤیدیۆ بکەن، فیلم دابەزێنن، هەروا دەتوانن سەرنجو نرخاندنی خۆیان لەسەر ڤیدیۆکان تۆماربکەن، وەکچۆن سێیەم پڕ بینەرترین ئامرازە، چوەتە ناو لیستی (top sites ٢٠١٣)، و مانگانە زیاتر لە چوار ملیار سەعات فیلمو ڤیدیۆی لەسەر تەماشادەکرێت[٥].

**کاریگەریی فەیسبوکو یوتیوب**

پسپۆڕان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە (فەیسبوکو یوتیوب) وەك دو ڕاگەیاندنی پڕبینەرو زۆر بەکارهێنەری کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی جیهاندا، خاوەنی کاریگەریی تایبەتی خۆیانن لەسەر بەکارهێنەرانیان، لەناو هەمو تەمەنە جیاوازەکاندا.

کاریگەریی ئەو دو ئامرازەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی-یش دەگەڕێتەوە بۆ فرەییو جۆراوجۆرێتیی خزمەتگوزارییەکانیان لە (تێکست، فۆتۆ، ڤیدیۆ)و پەخشو بڵاوکرادنەوەیانو دابەشکردنی لەگەڵ ئەوانیتردا.

بۆ نمونە بەکارهێنەری (فەیسبوك) لە یەککاتدا دەتوانێت هەژمار (ئەکاونت)و پەڕە (پەیج)و گروپیشی هەبێت، لە هەریەك لەو پانتاییانەشدا بێسنور وشە بە زمانو فۆنتی جیاواز بنوسێت، وێنە بڵاوبکاتەوە، ڤیدیۆ پەخش بکات، هەریەك لەمانە لای هاوڕێکانییەوە لای خۆی دابنێتەوە (شەیر بکات)، بەدڵبونی خۆیان بۆ دەربڕێت (لایك بکات)،

---

[٣] Kaplan Andreas M, Heanlein Michael. (Users of the world, unit ١, The challenges and opportunities of social media), (Indina: Business Horizons, Volume ٥٣, Issue ١, January-February ٢٠١٠), p٦١٠.

[٤] Barefoot. D. Szabo., J., (٢٠١٠) Friends with benefits: a social media marketing handbook. San Francisco, Calif, No Starch Press, ٢٠١٠, p٦٧

[٥] Tazhan Karam, (٢٠١٣) The Role of the Social Media to Protecting Kurdish Culture, Master Dissertation, Bradford University- Art Schol- Media Department, England, p٣٠.

وەکچۆن هەریەك لەمانە کە هی خۆین لای هاوڕێکانیشی دابنێت (تاگ بکات)، هەروا سەرنج (کۆمێنت) بۆ پەیام (پۆست)ی هاوڕێکانیشی بنوسێت، و دەیان خزمەتگوزاریی دیکە.

هەرچی دەربارەی (یوتیوب)یشە، بەشبەحاڵی خۆیو تایبەتمەندێتییەکانی، بەکارهێنەر کە کەناڵ (چەناڵ)ی تایبەتی خۆی هەبێت، دەتوانێت بەپێی رێساکانی ئامرازەکە ڤیدیۆی جیاواز پەخش بکات، سەردانکاری ئەو کەناڵانەش دەتوانن بینەری ڤیدیۆکان بن، کە بەدڵیان بو لایکیان بکەن، بە پێچەوانەشەوە (ئەنلایك)، هەروەك دەشتوانن کۆمێنتی بۆ بنوسنو شەیریشی بکەن.

لە سادەترین خوێندنەوەشدا، دەتوانین بڵێین، هەریەك لەو پرۆسە تەکنەلۆژی– کۆمەڵایەتییانەش کاتێکی کەمتازۆری بەکارهێنەر دەگرن، بە: خوێندنەوە، بینین، سەرنجدانو لێوردبونەوە، کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش بە تێپەڕینی کاتو بەپێی ئاستی پەیامو پرۆسەکە کاریگەری لەسەر بەکارهێنەر دروستدەکات، و دەبێتە هۆکارێکی دیار بۆ گەشەپێدانی ماناو تێڕوانینو تێگەیشتنە جیاوازەکانی.

بەپێی توێژینەوە جیاوازەکان، سەبارەت بە راگەیاندنی کۆمەڵایەتی، روندەبێتەوە، کە ئەو راگەیاندنانە تاڕادەیەکی زۆر کاریگەرییان لەسەر ژیانی گەنجان هەیە، ئەو کاریگەرییەش هەم ئەرێنی، و هەم نەرێنییە[٦].

**فەیسبوكو یوتیوبو گەنجان**

بەو پێیەی مێرمنداڵو لاوان لە دیارترین چینو توێژو تەمەنەکانن کە زۆرترین کات بۆ بەکارهێنانی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی تەرخاندەکەن، واتە هاونیشتمانیانی زۆرینەی کۆمەڵە گریمانەکراوەکەن، کە لە کۆتوبەندی واقیعە کۆمەڵایەتییەکەیان ئازادبون، و دور لە سێینەی حەرامکراو (ئاین، سێکس، سیاسەت) گوزارشت لە بیروڕاو ئارەزوەکانیان دەکەن[٧]، کەواتە رادەی کاریگەرێتیی ئەو راگەیاندنەش لەسەریان لە ئاستێکی باڵادایە.

گەنجانو لاوان پەنا بۆ فەیسبوكو یوتیوب دەبەن، و دوای کارلێك لەگەڵ پەیامەکانیان، سەرەنجام ناخودئاگایی دەکەونەژێر کاریگەرییانەوە، و لەوێشەوە کۆمەڵێ گۆڕانکاری لە گۆشەنیگاو ئاراستەو هۆشیارییان دێتەکایەوە بەرامبەر ئەو پرس یان بابەتو روداوانە.

زۆربەی گەنجان، بەراورد بە تەمەنەکانی دیکە، بە خێرایی لە ئامرازەکانی راگەیاندنی ئەلیکترۆنییەوە (وەکو بینەری تەلەڤزیۆن، بیسەری رادیۆ) بۆ ئامرازەکانی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن، تێکڕای لاوان تاڕادەیەکی زۆر بەرەو راگەیاندنی کۆمەڵایەتی وەردەچەرخێن، ئەمەش بە هۆی کاریگەرییە زۆرەکانییانەوەیە لەسەریان[٨].

---

(٦) Unknown, (٢٠١٢) Social Network Impact on Youth [Online], http://www.speechprosody٢٠١٢.org/academic-essay-sample-social-network-impact-on-youth.asp (Last Acuss (٠٣/٠١/٢٠١٦).

(٧) د. علي ليلة: تأثير "الفيس بوك" على الثقافة السياسية والإجتماعية للشباب، ورقة مقدمة للمؤتمر (الفيس بوك والشباب في يوليو ٢٠٠٩)، قضايا استراتيجية – المركز العربي لابحاث الفضاء الالكتروني، ص ص١٠–١١.

(٨) Ghulam Shabir١, Yousef Mahmood Yousef Hameed and others, The Impact of Social Media on Youth: A Case Study of Bahawalpur City, Asian Journal of Social Sciences & Humanities Vol. ٣(٤) November ٢٠١٤, p١.

## سێیەم: ئەنجامە پراکتیکییەکان

پاش دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسییەکە بەسەر بەرتوێژانو بەداتاکردنی وەڵامەکانیان، لە چوارچێوەی چەند خشتەیەکدا و بە پێی ڕیزبەندیو تایبەتمەندیی بڕگەکانی ناو ڕاپرسییەکە، ئەنجامەکان دەخەینەڕو، بەمجۆرە:

### یەکەم: ڕونکارییە پێویستەکان

#### ١. توخمی بەرتوێژان:

ئەنجامەکان ئەوە ڕوندەکەنەوە، کە زۆربەی بەرتوێژەکان لە توخمی (نێر)نو (پلەی یەکەم)یان گرتوە، و ئەوانیتریش (مێ)ن و بە (پلەی دوەم) هاتون لە ڕیزبەندیی ئەگەرەکاندا. بڕوانە خشتەی (١).

| خشتەی (١) دابەشبونی بەرتوێژان بە گوێرەی توخم | | | |
|---|---|---|---|
| توخم | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| نێر | ١٤٦ | ٥٤.٠٧٪ | یەکەم |
| مێ | ١٢٤ | ٤٥.٩٢٪ | دوەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

#### ٢. تەمەنی بەرتوێژان:

ئەنجامەکان دەریدەخەن، کە زۆرینەی بەرتوێژان تەمەنیان (١٧ ساڵ)ـە، و پلەی یەکەمی ڕیزبەندیی دابەشبونەکەیان گرتوە و دوا پلەی دابەشبونەکەش کە پلەی چوارەمە ئەوانەن کە تەمەنیان (١٨ ساڵ)ـە. بڕوانە خشتەی (٢).

| خشتەی (٢) دابەشبونی بەرتوێژان بە گوێرەی تەمەن | | | |
|---|---|---|---|
| تەمەن | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| ١٦ساڵ | ٦٩ | ٢٥.٥٥٪ | سێیەم |
| ١٧ ساڵ | ٨١ | ٣٠٪ | یەکەم |
| ١٨ ساڵ | ٤٢ | ١٥.٥٥٪ | چوارەم |
| ١٩ ساڵ | ٧٨ | ٢٨.٨٨٪ | دوەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

#### ٣. ئاستی خوێندنی بەرتوێژان:

ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژان خوێندکاری پۆلی (١١)ی ئامادەیین و بە پلەی یەکەم دێن، دوای ئەوانیش هەریەك لە پۆلەکانی (١٢)و (١٠) لە پلەی دوەمو سێیەمدان. بڕوانە خشتەی (٣).

| خشتەی (٣) دابەشبونی بەرتوێژان بە گوێرەی ئاستی خوێندنیان | | | |
|---|---|---|---|
| پۆل | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| ١٠ | ٧٣ | ٪٢٧.٠٣ | سێیەم |
| ١١ | ١٠٤ | ٪٣٨.٥١ | یەکەم |
| ١٢ | ٩٣ | ٪٣٤.٤٤ | دوەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٤. سەرنجڕاکێشانی بەرتوێژان:**

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە پۆست و پەیامەکانی (فەیسبوک، یوتیوب) سەرنجی زۆرینەی بەرتوێژان رادەکێشن، و وەڵامی (بەڵێ) بە پلەی یەکەم هاتوە. بڕوانە خشتەی (٤).

| خشتەی (٤) دابەشبونی بەرتوێژان بە گوێرەی سەرنجڕاکێشانیان لەلایەن (فەیسبوک، یوتیوب)ەوە | | | |
|---|---|---|---|
| وەڵامەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| بەڵێ | ١٩٧ | ٪٧٢.٩٦ | یەکەم |
| نەخێر | ٧٣ | ٪٢٧.٠٣ | دوەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٥. رادەی بەکارهێنانی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەلایەن بەرتوێژانەوە:**

ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژان (١ – ٣ سەعات) راگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەکاردێنن و لە پلەی یەکەمدا دێن ، دواتر ئەوانە دێن کە (٤ – ٦ سەعات) بەکاریدێنن و بە پلەی دوەم دێن، ئینجا (زیاتر لە ٦ سەعات)و (کەمتر لە ١ سەعات)یش بەکارهێنان لە پلەکانی سێیەم و چوارەمدان. بڕوانە خشتەی (٥).

| خشتەی (٥) دابەشبونی بەرتوێژان بە گوێرەی رادەی بەکارهێنانی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی | | | |
|---|---|---|---|
| کاتەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| کەمتر لە (١) سەعات | ٣٢ | ٪١١.٨٥ | چوارەم |
| (١ – ٣) سەعات | ١٣٣ | ٪٤٩.٢٥ | یەکەم |
| (٤ – ٦) سەعات | ٥٨ | ٪٢١.٤٨ | دوەم |
| زیاتر لە (٦) سەعات | ٤٧ | ٪١٧.٤٠ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٦. ئاستی بایەخدانی بەرتوێژان بە ڕاگەیاندنەکانی تری کۆمەڵایەتی:**

ئەم ئەنجامەش ئەوە پێشاندەدەن، کە زۆرینەی بەرتوێژان لە پاڵ (فەیسبوك، یوتیوب)دا، (ئینستاگرام)یش بەکاردێنن و پلەی یەکەمیان گرتوە، پاشان (ڤایبەر) و (تانگۆ)ش لە پلەی دوەم و سێیەمدا. بڕوانە خشتەی (٦).

| خشتەی (٦) دابەشبونی بەرتوێژان بە گوێرەی ئاستی بایەخدانیان بە ڕاگەیاندنەکانی تری کۆمەڵایەتی | | | |
|---|---|---|---|
| ڕاگەیاندنەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| ئینستاگرام | ١٥٣ | ٪٥٦.٦٦ | یەکەم |
| ڤایبەر | ٨٣ | ٪٣٠.٧٤ | دوەم |
| تانگۆ | ٣٤ | ٪١٢.٥٩ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

## دوەم: ئەو بڕگانەی پەیوەستن بە بابەتەکەوە

## أ. "ڕاپەڕین"و ڕاپەڕینی پێنجی ئازاری ١٩٩١ی خەڵکی باشوری کوردستان

**١. مانای ڕاپەڕین:**

بە پێی ئەنجامەکان، زۆرینەی ڕەهای بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا لەگەڵ ئەوەدان کە (**ڕاپەڕین بریتییە لە ڕوداوێك کە گروپێك، یان کۆمەڵێ کەس بە ئامانجی دیاریکراو، لە سنورێکی جوگرافیاییدا ڕوبەڕوی گروپێك، یان هێزێك، یان حزبێك، یان سیستمێك دەبنەوە، و سەردەکەون.**)، ئەوانەی لەگەڵیدانین بە پلەی دوەم و ئەوانەیشی کە تاڕادەیەك لەگەڵیدان بە پلەی سێیەم دێن. بڕوانە خشتەی (٧).

| خشتەی (٧) ڕاپەڕین واتا ڕوبەڕوبونەوەی گروپو هێزو حزبو سیستمەکان لەلایەن خەڵکەوەو سەرکەوتنیان. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٢٠٧ | ٪٧٦.٦٦ | یەکەم |
| تاڕادەیەك | ٤٨ | ٪١٧.٧٧ | دوەم |
| وانیە | ١٥ | ٪٥.٥٥ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٢. گەلی کوردو ڕژێمەکانی عیراق:**

بە پێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا هاوڕان کە (**گەلی کورد لە باشوری کوردستان (کوردستانی بندەستی عیراق)داو بەردەوام لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانەوە چەوسێنراوەتەوەو دور بوە لە ژیانی ئازادو مافە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکانی.**)، ئەوانەی هاوڕانین بە پلەی دوەم و ئەوانەیشی کە تاڕادەیەك هاوڕان بە پلەی سێیەم دێن. بڕوانە خشتەی (٨).

| خشتەی (٨) گەلی کورد لە باشوری کوردستان بەردەوام چەوساوە بوە. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلە |
| وایە | ١٩٨ | ٪٧٣.٣٣ | یەکەم |
| تاڕادەیەك | ٤٣ | ٪١٥.٩٢ | دوەم |
| وانیە | ٢٩ | ٪١٠.٧٤ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٣. راپەڕینی ئازاری ١٩٩١:**

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەدەن زۆربەی رەهای بەرتوێژان پێیانوایە (**راپەڕینی ئازاری خەڵکی باشوری کوردستان، کە رۆژی ١٩٩١/٣/٥ لە (رانیە)وە دەستیپێکرد، درێژکراوەی خەباتی چەند ساڵەی گەلی کورد بو لەو پارچەیەی کوردستاندا دژی رژێمی بەعسی عیراق (سەدام)، لەپێناو کۆتاییهێنان بە زوڵمو زۆریو هێنانەکایەی ئازادیو ژیانێکی نوێو گەیشتن بە مافە نەتەوەییو نیشتمانییەکان.**) ئەمەش لە پلەی یەکەم هاتوە، ئەوانەی تاڕادەیەك پێیانوایە پلەی دوەم و ئەوانەیشی پێیانوانیە پلەی سێیەم. بڕوانە خشتەی (٩).

| خشتەی (٩) راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ درێژکراوەی خەباتی گەلی کورد بو لە باشوری کوردستاندا. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٢٢٧ | ٪٨٤.٠٧ | یەکەم |
| تاڕادەیەك | ٢٩ | ٪١٠.٧٤ | دوەم |
| وانیە | ١٤ | ٪٥.١٨ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٤. ئاشنابون بە راپەڕین لە رێی راگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە:**

ئەم ئەنجامە دەریدەخات، زۆرینەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان وەرگرتوە رایانوانیە کە، (**فەیسبوكو یوتیوب) لەماوەی (٢٠١٠ – ٢٠١٥) لە هەرێمی کوردستاندا هۆکارێك بوبێت کە وەك گەنجێك لە رێگەیەوە ئاشنای "راپەڕین" بوبنو زانیاریی پێویستیان لەبارەوە زانیبێت**، دوای ئەمەش ئەوانەی لەگەڵ ئەم رایەدان پلەی دوەمن، و پلەی سێیەمیش بۆ ئەوانەی تاڕادەیەك رایانوایە. بڕوانە خشتەی (١٠).

| خشتەی (١٠) (فەیسبوكو یوتیوب) هۆکارێك بوە کە گەنجان لە رێگەیەوە ئاشنای "راپەڕین" بن | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلە |
| وایە | ٨١ | ٪٣٠ | دوەم |
| تاڕادەیەك | ١٥ | ٪٥.٥٥ | سێیەم |
| وانیە | ١٧٤ | ٪٦٤.٤٤ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٥. گەشەپێدانی تێگەیشتنی گەنجان سەبارەت بە راپەڕین لە راگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە:**

بە گوێرەی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان کە لە پلەی یەکەمدان بۆچونیانوانیە کە، (**فەیسبوكو یوتیوب) لەماوەی (٢٠١٠ – ٢٠١٥) لە هەرێمدا هۆکارێك بوبێت کە وەك گەنجێك لە رێگەیەوە گەشەیان بە تێگەیشتنیان دابێت سەبارەت بە واتاکانی "راپەڕین"**، ئەوانەی تاڕادەیەك بۆچونیانوایە لە پلەی دوەم و ئەوانەیشی بۆچونیانوایە پلەی سێیەمیان وەرگرتوە. بڕوانە خشتەی (١١).

| خشتەی (١١) (فەیسبوكو یوتیوب) هۆكارێك بوە كە گەنجان لە ڕێگەیەوە گەشە بە تێگەیشتنیان بدەن سەبارەت بە واتاكانی "ڕاپەڕین". | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەكان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلە |
| وایە | ٤٨ | ٪١٧.٧٧ | سێیەم |
| تاڕادەیەك | ٧٠ | ٪٢٥.٩٢ | دوەم |
| وانیە | ١٥٢ | ٪٥٦.٢٩ | یەكەم |
| كۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

## ب. كاریگەریی (فەیسبوكو یوتیوب) لەسەر ناساندنی "ڕاپەڕین" و گەشەپێدانی واتاكانی:

### ١. ناسینی ڕاپەڕین لە ڕێی نوسینەكانی فەیسبوكەوە:

بەپێی ئەنجامەكان، زۆرینەی بەرتوێژان كە پلەی یەكەمیان وەرگرتوە، هاوبۆچون نین لەسەر ئەوەی كە، **لە ڕێگەی پۆستو پەیامە نوسراوەكانی ئەكاونتو پەیجو گروپەكانی (فەیسبوك)ەوە ئاشنای "ڕاپەڕین" بوبنو زانیارییان لەبارەوە دەستكەوتبێ**، دوای ئەوەش پلەی دوەم هاوبۆچونن، پلەی سێیەمیش تاڕادەیەك هاوبۆچونن. بڕوانە خشتەی (١٢).

| خشتەی (١٢) گەنجان لە ڕێی نوسینەكانی فەیسبوكەوە ئاشنای "ڕاپەڕین" بونو زانیارییان لەبارەوە دەستكەوتوە. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەكان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٩٣ | ٪٣٤.٤٤ | دوەم |
| تاڕادەیەك | ١٥ | ٪٥.٥٥ | سێیەم |
| وانیە | ١٦٢ | ٪٦٠ | یەكەم |
| كۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

### ٢. ناسینی ڕاپەڕین لە ڕێی وێنەكانی فەیسبوكەوە:

ئەم ئەنجامەكان دەریدەخەن كە، زۆرینەی بەرتوێژان كە پلەی یەكەمیان گرتوە، ڕەتیدەكەنەوە كە، **لە ڕێگەی پۆستو پەیامە وێنەییەكانی ئەكاونتو پەیجو گروپەكانی (فەیسبوك)ەوە ئاشنای "ڕاپەڕین" بوبنو زانیارییان لەبارەوە دەستكەوتبێت**، ئەوانەی لەگەڵیشیدان پلەی دوەمو ئەوانەیشی تاڕادەیەك لەگەڵیدان پلەی سێیەمیان گرتوە. بڕوانە خشتەی (١٣).

| خشتەی (١٣) گەنجان لە ڕێی وێنەكانی (فەیسبوك)ەوە ئاشنای "ڕاپەڕین" بونو زانیارییان لەبارەوە دەستكەوتوە. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەكان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلە |
| وایە | ٩٠ | ٪٣٣.٣٣ | دوەم |
| تاڕادەیەك | ١٣ | ٪٤.٨١ | سێیەم |
| وانیە | ١٦٧ | ٪٦١.٨٥ | یەكەم |
| كۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

### ٣. ناسینی ڕاپەڕین لە ڕێی ڤیدیۆكانی فەیسبوكەوە:

ئەم ئەنجامانە ئەوە ڕوندەكەنەوە، زۆرینەی بەرتوێژان ڕایانوانیە **لە ڕێگەی پۆستو پەیامە ڤیدیۆییەكانی ئەكاونتو پەیجو گروپەكانی (فەیسبوك)ەوە ئاشنای "ڕاپەڕین" بوبنو زانیارییان لەبارەوە دەستكەوتبێت**، كەوا پلەی یەكەمی

وەرگرتوە، پاشان ئەوانەی رایانوایە پلەی دوەمو ئەوانەیشی تاڕادەیەك رایانوایە پلەی سێیەمییان وەرگرتوە. بڕوانە خشتەی (١٤).

| خشتەی (١٤) گەنجان لە ڕێی ڤیدیۆکانی (فەیسبوك)ەوە ئاشنای "راپەڕین" بونو زانیارییان لەبارەوە دەستکەوتوە. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٧٢ | ٪٢٦.٦٦ | دوەم |
| تاڕادەیەك | ١٧ | ٪٦.٢٩ | سێیەم |
| وانیە | ١٨١ | ٪٦٧.٠٣ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٤. ناسینی راپەڕین لە ڕێی کۆمێنتەکانی فەیسبوکەوە:**

بە پێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان رەتیدەکەنەوە **لە ڕێگەی ئەو کۆمێنتانەی بۆ پۆستو پەیامەکانی ئەکاونتو پەیجو گروپەکانی (فەیسبوك) دەنوسرێن، ئاشنای "راپەڕین" بوبنو زانیارییان لەبارەوە دەستکەوتبێت**، و لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەی کە لەگەڵیدان لە پلەی دوەم و ئەوانەیشی تاڕادەیەك لەگەڵیدان لە پلەی سێیەمدان. بڕوانە خشتەی (١٥).

| خشتەی (١٥) گەنجان لە ڕێی کۆمێنتەکانی فەیسبوکەوە ئاشنای "راپەڕین" بونو زانیارییان لەبارەوە دەستکەوتوە. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٨٤ | ٪٣١.١١ | دوەم |
| تاڕادەیەك | ١٦ | ٪٥.٩٢ | سێیەم |
| وانیە | ١٧٠ | ٪٦٢.٩٦ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٥. لە ڕێی نوسینەکانی فەیسبوکەوە، ناسینی راپەڕین بە واتای روبەڕوبونەوەی بەعس:**

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە، لە پلەی یەکەمدا زۆرینەی بەرتوێژان هاوڕانین لەگەڵ ئەوەی **لە ڕێگەی پۆستو پەیامە نوسراوەکانی (فەیسبوك)ەوە لەوە تێگەیشتبن کە، راپەڕین واتای روبەڕوبونەوەی گەلی کورد بو دژی زوڵمو زۆریی رژێمی بەعس، لەپێناو ئازادیو هێنانەکایەی ژیانێکی نوێو گەیشتن بە مافە نەتەوەییو نیشتمانییەکان**، ئەوانەی هاوڕان لە پلەی دوەمو ئەوانەیشی تاڕادەیەك هاوڕان لە پلەی سێیەمدا هاتون. بڕوانە خشتەی (١٦).

| خشتەی (١٦) لە ڕێی نوسینەکانی (فەیسبوك)ەوە، ئاشنابون بە "راپەڕین" بە واتای روبەڕوبونەوەی بەعس. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٤٨ | ٪١٧.٧٧ | دوەم |
| تاڕادەیەك | ٤٥ | ٪١٦.٦٦ | سێیەم |
| وانیە | ١٧٧ | ٪٦٥.٥٥ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٦. لە ڕێی وێنەکانی فەیسبوکەوە، ناسینی راپەڕین بە واتای روبەڕوبونەوەی بەعس:**

ئەم ئەنجامانە دەریدەخەن، زۆرینەی بەرتوێژان کە بە پلەی یەکەم دێن، لەگەڵ ئەوە نین **لە ڕێگەی پۆستو پەیامە وێنەییەکانی (فەیسبوك)ەوە لەوە تێگەیشتبن کە، راپەڕین واتای روبەڕوبونەوەی گەلی کورد بو دژی زوڵمو زۆریی**

**ڕژێمی بەعس، لەپێناو ئازادیو هێنانەکایەی ژیانێکی نوێو گەیشتن بە مافە نەتەوەییو نیشتمانییەکان،** لەکاتێکدا ئەوانەی لەگەڵیدان بە پلەی دوەم و ئەوانەیشی تاڕادەیەك لەگەڵیدان بە پلەی سێیەم دێن. بڕوانە خشتەی (١٧)

| خشتەی (١٧) لە ڕێی وێنەکانی (فەیسبوك)ەوە، ئاشنابون بە "ڕاپەڕین" بە واتای ڕوبەڕوبونەوەی بەعس. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ١١٩ | ٪٤٤.٠٧ | دوەم |
| تاڕادەیەك | ٠ | ٪٠ | سێیەم |
| وانیە | ١٥١ | ٪٥٥.٩٢ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٧. لە ڕێی ڤیدیۆکانی فەیسبوکەوە، ناسینی ڕاپەڕین بە واتای ڕوبەڕوبونەوەی بەعس:**

بەگوێرەی ئەنجامەکان زۆرینەی بەرتوێژان، کە لە پلەی یەکەمدان، لەگەڵ ئەوەدا نین، **لە ڕێگەی پۆستو پەیامە ڤیدیۆییەکانی (فەیسبوك)ەوە لەوە تێگەیشتبن کە، ڕاپەڕین واتای ڕوبەڕوبونەوەی گەلی کورد بو دژی زوڵمو زۆریی ڕژێمی بەعس، لەپێناو ئازادیو هێنانەکایەی ژیانێکی نوێو گەیشتن بە مافە نەتەوەییو نیشتمانییەکان،** ئەوانەی تاڕادەیەك لەگەڵ ئەم بۆچونەدان بە جیاوازییەکی کەم پلەی دوەمیان گرتوە و ئەوانەش کە لەگەڵیدان بە پلەی سێیەم دێن. بڕوانە خشتەی (١٨).

| خشتەی (١٨) لە ڕێی ڤیدیۆکانی (فەیسبوك)ەوە، ئاشنابون بە "ڕاپەڕین" بە واتای ڕوبەڕوبونەوەی بەعس. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٨٥ | ٪٣١.٤٨ | دوەم |
| تاڕادەیەك | ٤٤ | ٪١٦.٢٩ | سێیەم |
| وانیە | ١٤١ | ٪٥٢.٢٢ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٨. لە ڕێی کۆمێنتەکانی فەیسبوکەوە، ناسینی ڕاپەڕین بە واتای ڕوبەڕوبونەوەی بەعس:**

ئەنجامەکان ئەوە پێشاندەدەن، زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدا نین کە، **لە ڕێگەی ئەو کۆمێنتانەی بۆ پۆستو پەیامەکانی (فەیسبوك) دەنوسران، لەوە تێگەیشتبن کە، ڕاپەڕین واتای ڕوبەڕوبونەوەی گەلی کورد بو دژی زوڵمو زۆریی ڕژێمی بەعس، لەپێناو ئازادیو هێنانەکایەی ژیانێکی نوێو گەیشتن بە مافە نەتەوەییو نیشتمانییەکان،** و لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە تاڕادەیەك لەگەڵیدان لە پلەی دوەمدان، بەڵام ئەوانەی کە لەگەڵیدان بە پلەی سێیەم دێن. بڕوانە خشتەی (١٩).

| خشتەی (١٩) لە ڕێی کۆمێنتەکانی فەیسبوکەوە، ئاشنابون بە "ڕاپەڕین" بە واتای ڕوبەڕوبونەوەی بەعس. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٦٠ | ٪٢٢.٢٢ | دوەم |
| تاڕادەیەك | ٢٧ | ٪١٠ | سێیەم |
| وانیە | ١٨٣ | ٪٦٧.٧٧ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**٩. ناسینی راپەڕین لە رێی ڤیدیۆکانی یوتیوبەوە:**

ئەنجامەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن، زۆرینەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەم وەردەگرن، پێیانوانیە، **لە رێگەی ڤیدیۆکانی ئەکاونتو چەناڵەکانی (یوتیوب)ەوە ئاشنای "راپەڕین" بوبنو زانیارییان لەبارەوە دەستکەوتبێت**، ئەوانەی تاڕادەیەک لەگەڵ ئەم بۆچونەدان لە پلەی دوەم و ئەوانەش لەگەڵیدان پلەی سێیەم. بڕوانە خشتەی (٢٠).

| خشتەی (٢٠) گەنجان لە رێی ڤیدیۆکانی یوتیوبەوە ئاشنای "راپەڕین" بونو زانیارییان لەبارەوە دەستکەوتوە. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلە |
| وایە | ١٠٣ | ٣٨.١٤٪ | دوەم |
| تاڕادەیەک | ١٧ | ٢٥.٩٢٪ | سێیەم |
| وانیە | ١٥٠ | ٥٥.٥٥٪ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**١٠. ناسینی راپەڕین لە رێی ئەو راپۆرتو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانەی لە یوتیوب پەخشدەکرێنەوە:**

بەپێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان رایانوانیە **لە رێگەی راپۆرتو بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان کە جارێکی تر لە ئەکاونتو چەناڵەکانی (یوتیوب) پەخشکراونەتەوە، ئاشنای "راپەڕین" بونو زانیارییان لەبارەوە دەستکەوتبێ**، هاوکات ئەوانەی لەگەڵ ئەو رایەدان لە پلەی دوەم و ئەوانەش تاڕادەیەک لەگەڵیدان لە پلەی سێیەمدان. بڕوانە خشتەی (٢١).

| خشتەی (٢١) گەنجان لە رێی ئەو راپۆرتو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانەی لە یوتیوب پەخشدەکرێنەوە، ئاشنای "راپەڕین" بونو زانیارییان لەبارەوە دەستکەوتوە. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٤٧ | ١٧.٤٠٪ | سێیەم |
| تاڕادەیەک | ٧٩ | ٢٩.٢٥٪ | دوەم |
| وانیە | ١٤٤ | ٥٣.٣٣٪ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**١١. ناسینی راپەڕین لە رێی ئەو فیلمە دۆکیۆمێنتارییانەی لە یوتیوب پەخشدەکرێنەوە:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن، زۆرینەی بەرتوێژان کە بە پلەی یەکەم دێن، رەتیدەکەنەوە **لە رێگەی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکانەوە کە جارێکی تر لە ئەکاونتو چەناڵەکانی (یوتیوب) پەخشکراونەتەوە، ئاشنای "راپەڕین" بومو زانیاریم لەبارەوە دەستکەوتوە**، لەکاتێکدا ئەوانەی تاڕادەیەک لەگەڵ ئەو بۆچونەدان لە پلەی دوەمدان و ئەوانەشی لەگەڵیدان لە پلەی سێیەمدان. بڕوانە خشتەی (٢٢).

| خشتەی (٢٢) گەنجان لە رێی ئەو فیلمە دۆکیۆمێنتارییانەی لە یوتیوب پەخشدەکرێنەوە، ئاشنای "راپەڕین" بونو زانیارییان لەبارەوە دەستکەوتوە. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٥٣ | ١٩.٦٢٪ | سێیەم |
| تاڕادەیەک | ٧٥ | ٢٧.٧٧٪ | دوەم |
| وانیە | ١٤٢ | ٥٢.٥٩٪ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**١٢. ناسینی راپەڕین لە رێی کۆمێنتەکانی یوتیوبەوە:**

بە پێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدانین **لە رێگەی ئەو کۆمێنتانەی بۆ پۆستو پەیامەکانی ئەکاونتو چەناڵەکانی (یوتیوب) دەنوسرێن، ئاشنای "راپەڕین" بوبنو زانیارییان لەبارەوە دەستکەوتبێ**، و لە پلەی یەکەمدان، و ئەوانەی تاڕادەیەك لەگەڵیدان پلەی دوەم پلەی سێیەمیش بۆ ئەوانەشی لەگەڵیدان. بڕوانە خشتەی (٢٣).

| خشتەی (٢٣) گەنجان لە رێی کۆمێنتەکانی یوتیوبەوە، ئاشنای "راپەڕین" بونو زانیارییان لەبارەوە دەستکەوتوە. | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٨٨ | ٪٣٢.٥٩ | دوەم |
| تاڕادەیەك | ١٥ | ٪٥.٥٥ | سێیەم |
| وانیە | ١٦٧ | ٪٦١.٨٥ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**١٣. لە رێی ڤیدیۆکانی یوتیوبەوە، ناسینی راپەڕین بە واتای روبەڕوبونەوەی بەعس:**

بەپێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان کە لە پلەی یەکەمدا هاتون، نکوڵی لەوەدەکەن **لە رێگەی ڤیدیۆکانی ئەکاونتو چەناڵەکانی (یوتیوب)ەوە لەوە تێگەیشتم کە، راپەڕین واتای روبەڕوبونەوەی گەلی کورد بو دژی زوڵمو زۆریی رژێمی بەعس، لەپێناو ئازادیو هێنانەکایەی ژیانێکی نوێو گەیشتن بە مافە نەتەوەییو نیشتمانییەکان**، ئەوانەی نکوڵی لێناکەن پلەی دوەم و پلەی سێیەمیش بۆ ئەوانەی تاڕادەیەك نکوڵی لێناکەن. بڕوانە خشتەی (٢٤).

| خشتەی (٢٤) لە رێی ڤیدیۆکانی یوتیوبەوە، ئاشنابون بە راپەڕین بە واتای روبەڕوبونەوەی بەعس | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٧٢ | ٢٦.٦٦ | دوەم |
| تاڕادەیەك | ٤٦ | ٪١٧.٠٣ | سێیەم |
| وانیە | ١٥٢ | ٪٥٦.٢٩ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**١٤. لە رێی راپۆرتو بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی پەخشکراو لە یوتیوبەوە، ناسینی راپەڕین بە واتای روبەڕوبونەوەی بەعس:**

بەپێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان هاوبۆچون نین کەوا **لە رێگەی راپۆرتو بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانەوە کە جارێکی تر لە ئەکاونتو چەناڵەکانی (یوتیوب) پەخشکراونەتەوە، لەوە تێگەیشتم کە، راپەڕین واتای روبەڕوبونەوەی گەلی کوردە دژی زوڵمو زۆریی رژێمی بەعس، لەپێناو ئازادیو هێنانەکایەی ژیانێکی نوێو گەیشتن بە مافە نەتەوەییو نیشتمانییەکان**، و لە پلەی یەکەمدان و ئەوانەی تاڕادەیەکیش لەگەڵیدان پلەی دوەم و پلەی سێیەمیش بۆ ئەوانەیە کە تەواو لەگەڵیدان. بڕوانە خشتەی (٢٥).

| خشتەی (٢٥) لە رێی راپۆرتو بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی پەخشکراو لە یوتیوبەوە، ئاشنابون بە راپەڕین بە واتای روبەڕوبونەوەی بەعس | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٥٢ | ٪١٩.٢٥ | سێیەم |
| تاڕادەیەك | ٧٥ | ٪٢٧.٧٧ | دوەم |
| وانیە | ١٤٣ | ٪٥٢.٩٦ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**١٥. لە رێی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکانی پەخشکراو لە یوتیوبەوە، ناسینی راپەڕین بە واتای روبەڕوبونەوەی بەعس:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن، زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدانین کە **لە رێگەی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکانەوە کە جارێکی تر لە ئەکاونتو چەناڵەکانی (یوتیوب) پەخشکراونەتەوە، لەوە تێگەیشتم کە، راپەڕین واتای روبەڕوبونەوەی گەلی کورد بو دژی زوڵمو زۆریی رژێمی بەعس، لەپێناو ئازادیو هێنانەکایەی ژیانێکی نوێو گەیشتن بە مافە نەتەوەییو نیشتمانییەکان**، و ئەوانەی تاڕادەیەك لەگەڵیدان لە پلەی دوەم و پلەی سێیەمیش بۆ ئەوانەیە کە لەگەڵیدان. بڕوانە خشتەی (٢٦).

| خشتەی (٢٦) لە رێی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکانی پەخشکراو لە یوتیوبەوە، ئاشنابون بە راپەڕین بە واتای روبەڕوبونەوەی بەعس | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٦١ | ٪٢٢.٥٩ | سێیەم |
| تاڕادەیەك | ٧٠ | ٪٢٥.٩٢ | دوەم |
| وانیە | ١٣٩ | ٪٥١.٤٨ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

**١٦. لە رێی کۆمێنتەکانی یوتیوبەوە، ناسینی راپەڕین بە واتای روبەڕوبونەوەی بەعس:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن، زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوانیە **لە رێگەی ئەو کۆمێنتانەی بۆ پۆستو پەیامەکانی ئەکاونتو چەناڵەکانی (یوتیوب) دەنوسرێن، لەوە تێگەیشتبن کە، راپەڕین واتای روبەڕوبونەوەی گەلی کورد بو دژی زوڵمو زۆریی رژێمی بەعس، لەپێناو ئازادیو هێنانەکایەی ژیانێکی نوێو گەیشتن بە مافە نەتەوەییو نیشتمانییەکان**، و لە پلەی یەکەمیشدان، ئەوانەش پێیانوایە لە پلەی دوەم، و پلەی سێیەمیش بۆ ئەوانەیە کە تاڕادەیەك پێیانوایە. بڕوانە خشتەی (٢٧).

| خشتەی (٢٧) لە رێی کۆمێنتەکانی فەیسبوکەوە، ئاشنابون بە راپەڕین بە واتای روبەڕوبونەوەی بەعس | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
| وایە | ٦٢ | ٪٢٢.٩٦ | دوەم/ د |
| تاڕادەیەك | ٦٢ | ٪٢٢.٩٦ | دوەم/ د |
| وانیە | ١٤٦ | ٪٥٤.٠٧ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٠ | ١٠٠ | |

## دەرەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەو دوای دەرهێنانی ئەنجامی ڕاپرسییەکە، توێژەران بەم دەرەنجامانەی خوارەوە گەیشتن:

١. ناکاریگەریی (فەیسبوك، یوتیوب)، لە کردەی ناساندنی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١، بە گەنجانی هەرێمی کوردستان، لە سەرجەمی ئاستەکانییاندا.

٢. ناکاریگەریی (فەیسبوك، یوتیوب)، لەسەر ناساندنی گەنجانی هەرێمی کوردستان بە ڕوداوی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ بە "واتای ڕوبەڕوبونەوەی گەلی کورد، دژی زوڵمو زۆریی ڕژێمی بەعس، لەپێناو ئازادیو هێنانەکایەی ژیانێکی نوێو گەیشتن بە مافە نەتەوەییو نیشتمانییەکان"، لە سەرجەمی ئاستەکانییاندا.

٣. ناکاریگەریی (فەیسبوك، یوتیوب)، لە سازاندنی کارلێكو ئاوێتەبونێکی پڕ واتاو بەرهەمدار لە نێوان ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١و گەنجانی هەرێمی کوردستاندا.

٤. شکستی (فەیسبوك، یوتیوب)، لە پێکهێنانی وێنەیەکی ڕاستینەی ڕاپەڕینو داچۆڕو لێکەوتەکانی، لای گەنجانی هەرێمی کوردستان.

## ڕاسپاردەکان

لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەرەنجامانە، و لەپێناو ناساندنی "ڕاپەڕین" بە گەنجانی کوردستانو گەشەپێدانی واتاکانی لایان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە، توێژەران چەند ڕاسپاردەیەك پێشکەشدەکەن:

١. گرتنەبەری ڕێوشوێنی وردو جدیو پلانبۆدانراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانو دامەزراوە پەیوەندداەکانییەوە بۆ بایەخدان بە ئاشناکردنی گەنجان بە "ڕاپەڕین"و بۆنە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی دیکە، و گەشەپێدانی واتاکانیان.

٢. هەوڵدانی جدیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو دامەزراوەکانی تری هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی (بە تایبەت فەیسبوكو یوتیوب) بکەنە ئامرازێکی کاریگەر بۆ ئاشناکردنی گەنجان بە "ڕاپەڕین"و بۆنە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی دیکە، و گەشەپێدانی واتاکانیان.

## پێشنیارەکان

پاش خستنەڕوی دەرەنجام و ڕاسپاردەکانیش، توێژەران پێشنیاردەکەن:

١. توێژەرانی تر توێژینەوەی زانستی بکەن کاریگەریی ڕاگەیاندنەکانی تری کۆمەڵایەتی لەسەر ناساندنی "ڕاپەڕین"و گەشەپێدانی واتاکانی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. توێژەرانی دیکە بە ڕێبازی دیکە توێژینەوەی زانستی بکەن سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەر ناساندنی "ڕاپەڕین"و گەشەپێدانی واتاکانی لە هەرێمی کوردستاندا، و پەیامە جیاوازەکانی ئەو ڕاگەیاندنانە شرۆڤە بکەن.

## سەرچاوەکان

**دەستورو یاسا:**

١. مادەی (١١٣)ی دەستوری هەمیشەیی عیراق، ٢٠٠٥.

**توێژینەوە:**

**أ. بە زمانی عەرەبی:**

٢. د. بشرى جميل الراوى: دور مواقع التواصل الاجتماعى فى التغيير/ مدخل نظرى، الباحث الاعلامى، مجله علميه محكمه، عدد (١٨)، ٢٠١٣.

٣. د. على ليله: تأثير "الفيس بوك" على الثقافه السياسيه والاجتماعيه للشباب، ورقه مقدمه للمؤتمر (الفيس بوك والشباب فى يوليو ٢٠٠٩)، قضايا استراتيجيه – المركز العربى لابحاث الفضاء الالكترونى.

**ب. بە زمانی ئینگلیزی:**

٤. Ghulam Shabir١, Yousef Mahmood Yousef Hameed and others, The Impact of Social Media on Youth: A Case Study of Bahawalpur City, Asian Journal of Social Sciences & Humanities Vol. ٣(٤) November ٢٠١٤.

٥. Kaplan Andreas M, Heanlein Michael. (Users of the world, unit ١, The challenges and opportunities of social media), (Indina: Business Horizons, Volume ٥٣, Issue ١, January- February ٢٠١٠).

٦. Tazhan Karam, (٢٠١٣) The Role of the Social Media to Protecting Kurdish Culture, Master Dissertation, Bradford University- Art Schol- Media England. Department,

**کتێب:**

D. Szabo., J., (٢٠١٠) Friends with benefits: a social media marketing ٧. Barefoot. handbook. San Francisco, Calif, No Starch Press, ٢٠١٠.

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

٨. Unknown, (٢٠١٢) Social Network Impact on Youth [Online], http://www.speechprosody٢٠١٢.org/academic-essay-sample-social-network-impact-on-youth.asp (Last Acuss (٠٣/٠١/٢٠١٦).

**ئامار:**

٩. هۆبەی ئامار– بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی ڕانیە وەرگیراوە، سێشەممە (٢٠١٥/١٢/١).

# أثر الإعلام الإجتماعي على تعريف "الإنتفاضة" وتنمية معانيها في إقليم كوردستان
# (طلاب الأعدادية قضاء رانية أنموذجاً)


**الملخص**

يتعلق موضوع البحث بـ(الإعلام الإجتماعي)، وخصوصاً الجانب التأثيري لوسيلتيه (الفيسبوك، اليوتيوب) على ماهية "الإنتفاضة" ودلالاتها وتنميتها، من وجهة نظر طلبة وطالبات المرحلة الأعدادية في إقليم كوردستان.

ويأتي إهمية البحث من كونه يتناول دور وتأثير الإعلام الإجتماعي على الجيل الجديد من خلال غرس الحقائق المتعلقة بالإنتفاضة ودلالاتها الواقعية في ذاكرتهم و تشكيل صور ذهنية موضوعية عنها لديهم.

أما مشكلة البحث فقد عرضها الباحثان من خلال الأسئلة التالية:

أ. الى اي مدى استطاع الإعلام الإجتماعي (الفيسبوك، اليوتيوب) أن يُعرّف شباب وطلاب إقليم كوردستان بـ"الإنتفاضة"؟

ب. الى اي مدى استطاع الإعلام الإجتماعي (الفيسبوك، اليوتيوب) أن يعمل على تنمية معاني "الإنتقاضة" عند شباب والطلاب إقليم كوردستان؟

وتتمثل أهداف البحث في مجموعة نقاط، من ابرزها:

أ. التعرف على مدى التأثير الذي أوقعه وسائل الإعلام الإجتماعي (الفيسبوك، اليوتيوب) على الشباب من طلبة وطالبات إقليم كوردستان، في تعرفهم على ماهية "الإنتفاضة" و إدراكهم لدلالاتها.

ب. التعرف على مستوى تنمية معاني "الإنتفاضة" لدى الشباب من طلبة وطالبات إقليم كوردستان ، بفعل التأثيرات التي أوقعه وسائل الإعلام الإجتماعي (الفيسبوك، اليوتيوب).

ويعد البحث من حيث النوع بحثاً وصفياً، فضلاً عن إستخدام طريقة (المنهج المسحي).

كما وتكون هيكل البحث ماعدا المقدمة من المباحث والمحاور الآتية:

**أولاً: الإطار المنهجي للبحث:**

حاول الباحثان في هذا المبحث ان يوضحوا: (أهمية البحث، مشكلة البحث، أهداف البحث، نوع البحث ومنهجه، الصدق الظاهري، الثبات، طريق البحث وأدواته، حدود البحث، مجتمع البحث وعينته، المفاهيم والمصطلحات).

**ثانياً: الإطار النظري للبحث:**

من هنا وبالأعتماد على مجموعة من المصادر العلمية، يتناول الباحثان الجوانب الرئيسية من الموضوع: (الإعلام الإجتماعي، أثر الفيسبوك واليوتيوب، الفيسبوك واليوتيوب والشباب).

**ثالثاً: النتائج العملية:**

وهو المبحث الأخير من البحث، الذي يتضمن مجموعة من المحاور، وهي: (التوضيحات الضرورية، الفقرات المتعلقة بالموضوع).

**رابعاً: الخاتمة:**

وفي الخاتمة تأتي (الإستنتاجات)، التي تنبع من منظور الباحثان عن مضمون النتائج والحقائق المكتسبة في هذا البحث، فضلاً عن (التوصيات والمقترحات)، التي هي مكملة المشروع، ومن أبرز الإستنتاجات:

أ. عدم تأثير (الفيسبوك، اليوتيوب) على تعريف إنتفاضة شهر آذار ١٩٩١ عند شباب إقليم كوردستان، على كافة مستوياتها.

ب. عدم تأثير (الفيسبوك، اليوتيوب) على تعريف حدث إنتفاضة شهر آذار ١٩٩١ لدى شباب إقليم كوردستان "بمعنى مواجهة الشعب الكوردي ضد ظلم النظام البعثي، من أجل حرية وتحقيق حياة جديدة والوصول الى الحقوق القومية والوطنية"، على كافة مستوياتها.

# Impact of social media over recognition "uprising" and improving its meanings in Kurdistan Region

(Students of Rania high schools as sample)

**Summary**

The main concentration of this research is relevant to (social media) especially in terms of effectiveness of both social media websites (Facebook and Youtube) this media is about recognition "uprising" and improving its meanings by students of high school in Kurdistan Region.

Thus, the significant of this research will be found that searching for the role and impacts of social media about familiarizing Kurdish nowadays nation with this history and reviving the event in Kurdish individual memory and mind.

Problem concerning this research, the researchers through some questions have shown, the followings are crucial important:

A- Social media (Facebook and Youtube) to what extend were they able to recognize "uprising" to youths and students of Kurdistan Region?

B- Social media (Facebbok and Youtube) to what extend were they able to improve the meanings of "uprising" toward youths and students of Kurdistan?

The aim of the research also includes some points, commonest are:

A- Learning the level of recognition of "uprising" by youths and students of Kurdistan Region via social media (Facebook and Youtube).

B- Revealing the quantity of improvement of meanings of "uprising" by youths and students of Kurdistan Region through social media (facebook and Youtube).

The research in terms of the type will be indicated as (description research), it also uses (The survey method).

Thus, general structure of the research, except preface, consists of the following items and descriptions:

**First: methodology**

Researchers in this study have tried to know the necessary explanation in some items and the following items are (the importance of the research, the problem of the research, aim of the research, type and methodology of the research, apparent true, stability, method and factor of the research, area of the research, group and sample of the research, concept and terminologies).

**Second: theory**

Here theoretically and backing to some scientific resources relevant to the main subject of the research has been highlighted: (social media, effectiveness of facebook and Youtube, facebook, Youtube and youth).

**Third: Practical results**

Thus, it is last research and specific to the practical one, that covers some items: (the necessary explanations, these clauses that are relevant to the subject)

**Fourth: final:**

Finally the (outcomes) will come that stemmed from the consideration of the researchers about the content of the outcome and real achievements of the research, besides (recommendations and suggests) that are supplementary of the subject, the most common, outcomes are:

A- Ineffectiveness of (Facebook and Youtube) over recognition of uprising of March ١٩٩١ of Kurdistan Region over all classes.

B- Ineffectiveness of (Facebook and Youtube) over recognition of youths to the events of march ١٩٩١ means Kurdish national struggle against tyranny and oppressive and tyrannical Baath regime for the sake of freedom and getting new life and achieving national and patriotic rights over all classes.